# ئایا دوای چوارساڵی تر تورکیا باوه ڕ به ڕیفراندۆم ده هێنێ ؟؟؟؟

زۆر زه حمه ته مرۆ بگاته ئه وقنیاته ی تورك نه ك به چوار ساڵی تر به ڵكو هه تا یه به سو سه یه كشبێ گۆڕانێ به سه ر ئه و عه قله ده مار گرتووه ڕه گه زپه رستانه یه یاندا بێت كه بۆ یان بۆته ماكی نه خۆشیه ك و ناتوانن وه ك كۆمه ڵگایه كی ته ندروست په ی ده ر په ی شان به شانی ئه و گۆ ڕانه مه زنانه ی جیهان لا یه نی كه می گۆرانه كان له خۆ یاندا بنیات بنێن وبه ڕوخسارێكی ها وچه رخانه ی شارستانیه وه مێتوو دێكی تر له گه ڵ هاولاتیانی خۆ یان ودراوسێكانیان په یره وبكه ن و له گه ڵ ئه ودروشمانه ی هه ڵیان گرتووه كه به حساب دیموكراتین وولاتێكی خاوه ن یاساو رێسان و مافی مرۆڤ ده مێكه له ئاسمانی سه ربه خۆیی ئه ماندا له شه قه ی باڵ ده دا تۆزێك ڕاست گۆ بن ، گه ر چاودێرێكی بـــــه ویژدان له پایه گاكانی كه ئه م ولاته ی له سه ر راوه ستاوه ورد بێته وه بۆیده ر ده كه یێت كه هه رگێز له وه ناچێ ئه م وولاته میراتی ئیمراتوریه تێك بێت كه لا یه نی كه م600 ساڵ ناوچه یه كی فراونی ئاسیا و به شێكی گه وره ی ئه وروپای خۆرهه لاتیشی فه رمانڕه وایی كردووه .چونكه ئه م وولاته هه ر له سه رده می سوڵتان عبدول حمید،عبدول مجیدو سوڵتان رشاده وه تا ده گات به ئه فسه ره خوێن ڕێژه كانی وه ك ته ڵعه ت پاشاو ئه نوه رپاشاو جمال پاشا ومیرات گرانی وه ك كمال پاشاو هه تائێقه رین وژه نه رالاتی ئێستایان بـــــه بڵند ئه جاویدی به حساب سۆسیال دیموكراسی نیوه كوردیشیانه وه نه یانتوانیوه به سه ر

ئه ونه خۆشیانه دا زاڵ بن كه له گه ل هه ڵكشانی ته مه نی ده سته لاته كه یاندا رۆژ لـــه دوای ڕۆژ بچوك ده بونه وه و سه رئه جام ،به جۆرێك دواكه وتن و داكه وتن ئه وه بوو له وولاتێكی خاوه ن قه واره ی داگیر كه ره وه بوونه وولاتێكی سه ربه خۆ له رووی سیاسیه وه به لام كۆلۆ نی كراوو پاشگر له ڕووی باری ئا بووریه وه كه هه تا ئێستاشی له گه ڵ بـــێ له ناو سه رجه م سیاسه ته جیهانیه كه دا ،له ناو تێكرای گه مه جیهانیه كه داكا رتیكه كه ئیمرۆ بیانه وێتو نه یانه وێت له ناو گۆڕانه كانی سه رده مداكارته كه یان به حسابی گه مه كان به جۆرێك مڕ بووه به كه ڵكی هیچ ده ستێك نایه ،هه ر بۆئه وه شه كـــــــه هه ندێ سیا سه ت مه داریان وه ك ئه وه ی بۆنێكیان كرد بێ وا زۆر به په له ن له چوونیان بۆ ناو یه كێتی ئه وروپا .چوونكه بێگومانن له وه ی ئه گه ر چه ند له وه رگرتنیان دوابكه ون كارتی بونیان له ناو گه مه كاندا لاواز تر ده بێت و باری ئا بووریان به جۆرێـــك لا سه نگ ده بێت پارسه نگ دانه وه ی ده به رابه ری ئیمرۆ قه رزارتر ده بن و دیاره كــــه ئه مانیش كارتی به ختیان هاتبێته شیبوونه وه ،زه حمه ت به رگه ی ئه وه بگرن كــــــه قه رزار به ر ده گایان پێ بگرێت ، بۆ یه ڕه گه ز په رستانی تورك ئێستا له وه سووك و چرووك ترن بتوانن تا سه ر به رگه ی مه رجه كانی یه كێتی ئه وروپا بگرن و خۆیانـــــــ زۆر به مل كه چی نه ده ن به ده سته وه .منه كردنیان له هه ندێ كا تدا له به رامبه ر داخوزی ومه رجه كاندا بوونی هه ندێ كێشه ی ناوچه ییه كه تورك هیوا كانی پێدا هه ڵواسیوه ،به لام توركیا كاتێ ژیری خۆی له ده ستدا كا نه چووه ژێر باری دا خوازیه كانی ئه مریكا بۆ لێدانی ڕژێمی به عس و سه دام .كه ئه وه ش زیاتر كارتی توركی مڕ كردوو له یا رێكانی له مه و دوادا بوونی یان نه بوونی به هێند وه رناگیرت ،مزایه ده كانیشی كه ده یانكات بێ ده ست مایه یه ،ناشتوانێ گه ڕی باره ترێ به كه س بكات.

ئێستا گه ر زۆری لێنه كه ن كه س نازیشی ناكێشێ

ئه وه تا ئیمڕۆ تورکیائه وسه رکێشی و ملهوڕیه ی ئێران وسوریای قۆستۆته وه وا گێچی فیزی هه ستاوه وفرسه تی له وه هێناوه که دنیای ئازاد فشاریان خستوونه ته سه ر و گه ر مل به داخوازیه کانیان نه ده ن تووشی ته ڕنێکیان بکه ن ،که دیاره تورکیا له و نێوانه دا وه ك شه ریکێکی لات ده کرێت ئه رکێکی بخرێته ئه ستۆ به ڵام تورك نایه وێت بێمه رجی تایبه ت له وئاڵۆزیه دا مه بده ئی مزایه ده که ی نه خاته گه ڕکه دیاره مه جه که شی ئه وه یه زلهێزه کان مه ره خه سی که ن که چاوێك له کورد سوور کاته وه ،هه ر بۆیه سه رۆکی ئه نجومه نی ئاسایشی نه یه وه یی تورکیا له چوونی ئه مجاره یدا بۆ ئه مریکا یه که م ده ردوو داخوازی ئه وه ی خستۆته بـــــه رده م به رپرسیارانی ئه مریکا که به ڵکوو لایه نی کوردی له عێراق رازی بکه ن به وه ی بۆ ماوه ی چوار ساڵ برگه ی 58 له یاسای هه میشه یی ڕاگرن وڕیفراندۆمیش نه که ن.

ئه گه ر چی ئه م ملهوڕیه ی تورك هه ر زوو دوای چه ند ڕۆژێك له هه ڵبژاردنه کانی 15 12ی ساڵی پار وه ڵام درانه وه .که له 9 ـ05.2دا له ڕاپۆرتێکی ڕۆژ نامه ی فارس نیوز دا هاتووه وده ڵێ (تورکیا له ئه جندای خۆیدا بۆ چه ندین جار ده چێت له کۆبوونه وه کانیدا له گه ڵ نوێنه رانی ئه مریکا دا هه ر باس له باکوری عێراق و مه سه لـــــه ی که رکوك ده کات بۆ یه ئه مریکا ناچار بوو زۆر به ڕاشکاوی له ده می گۆندا لیزا ڕایس وه زیری ده ره وه ی به تورکیا بڵێت به هیچ جۆرێك بۆتان نیه ده ست له کارو باریـــــــ عێراق وه رده ن مه سه له ی که کوکیش عێراقیه کان خۆیان له چۆنیه تی چاره سه رکردنی به پرسیارن)

هه ر هه مان ئه وڕۆژانه ڕۆژ نامه ی میللیه ت دا هاتووه وده ڵی (ئه مریکیکان کێشه ی که ر کوکیان به لاوه گرنگ نیه وتورکیاش به لا یه نێکی ده ره کی له قه ڵه مده ده ن)

گه ر ئه مانه نمونه هایه ك بن له هه ڵوێستی ئه مریکا له ڕۆژانی دوای هه ڵبژاردنه کانی 12ـ15 ئه ی ده بێت چ موراڵێك بێت که ئیمڕۆ دوای دووهه مین هه ڵبژاردنی خه لکی عێراق و دوای نووسینه وه ی ده ستووری هه میشه یی ئه و وولاته که به زوربه ی ده نگ له ڕیفراندۆمێکی سه رتا سه ریدا به گه ن کرا ،تورکیا دیسان کای کۆن به با ده کاته وه و بێ له به رچاو گرتنی هیچ ڕێزێك بۆ ئیراده ی خه ڵکی عێراق و کوردستان ئا وا بـــــه ڕاشکاوی ده یه وێت ده ست وه ربداته ده ستووری وولا ته که وبیه وێت برگه یه کی گرنگ له و ده ستووره بڕ بدات که ڕاسته وخۆ گوزارشت له داخوازیه نه ته وایه تیه کانی کورد ده کـــــــــــات.

تا بیخاته ناو ته وه ری مزایه ده سیا سیه کانیه وه ومافی ده نگدانی دوو ملیون ده نگ ده ری کورد پێشێل کات ڕه وشتی سیاسه ت بازاریه کانی تورك به جۆرێك دا چۆڕاوه که سێکی به ویژدانیه له م سه ر گۆی زه ویه نه فره ت له و بێڕه وشتیه ڕه گـــــــه ز په رستیه نه کات که تورك خۆی پێوه جه ڕاندووه .

ئه وا گریمان سه رده می هه ڵبژاردنه کانی 12ـ15تورکیا ده ستی چوو به زاخی درۆ شاخداره کانی به ره ی تورکومانیدا،که بانگاشه ی ده وڵه تێکی نه ته وه یی تورکومانی یان ده کرد له عێراقدا و ده یان ووت ئێمه چوار ملیو نین مێژوو خه دری لێکردووین ئه ی خۆ ئه مجاره له هه ڵبژاردنه که دا تورکیاو تورکومانه کان خۆیان به خه درووفێڵه کانیشیانه وه به و 4 ملیونه ی خۆیان پێ قسراندبوو تاکه یه ك کورسیان پێ ڕه وا بینرا ئیتر بۆ ئه بێت برگه ی 58 که پێگه یه کی یاساییه و ڕیفراندۆمی خه ڵکی کورد بکرێته قوربانی ئه وخاوه ن یه ك کورسیانه که به ڕاستی نیوه شیان بێژوه کوردنـــــ

ئیتر توركیا گه ر ئه مه گه ڕی باره ترێ نه بێ له سیاسه ته بازاریه كه یدا ئه بێ جی بێت ،
عه لی بیره م ئۆخلۆ كه سیاسه ت مه دارێكی توركه ده لێت( ئه گه ر چی توركیا زۆر به توندی دژی دامه زراندنی ده وڵه تی كوردیه به ڵام ئه نجامی هه ڵبژاردنه كانی عێراق توركیای خستۆته به رده م سیا سه تی ئه مری واقع ،ڕێكو پێك بوونی سیا سه تی كورد له باكوری عێراق وا ده كات ئه مریكا قورسایی تا یبه تیان بۆ دابنێ به تایبه ت كه ئه وان له ته ك ئه مریكا ییه كاندا به شداری شه ڕیان كرد كه به م سه ركه و تنه ش كورد ده بێت به یه كێك له ڕه گه زه هه ره سه ره كیه كانی حوكم ، كه له به رامبه ر ئه وپێشهاتانه شدا سیاسه تی ئێمه به رامبه ر كورد تا ئێستا له ژێر كاریگه ریـــــــــ سروشتێكی نه ته وه یی شۆڤێنیدایه . بۆیه كاتی ئه وه هاتووه توركیا به سیا سه تی خۆیدا بچێته وه به رامبه ر كورد به پێی هه لو مه جی ئیمڕۆ مامه ڵه یان بكات نه ك وه ك 70 ساڵ له مه وبه ر.